Kurdish-Sorani

# Lutinus®

## (progesterone) Vaginal Tablet 100mg






جوونی 2011

FERRING PHARMACEUTICALS

MEDICINE ON THE BODY'S OWN TERMS

Ferring Läkemedel AB, Box 4041, SE-203 11 Malmö, Sweden

تەلەفۆن: 00 69 691 40(0) 46+، فاکس: 95 69 691 40(0) 46+ info@ferring.se

# چۆنیەتی بەکارهێنانی لوتینوس (LUTINUS)

هەمیشە لە کاتی بەکارهێنانی لوتینوس گوێڕایەڵی ڕێنوێنیەکانی پزیشکەکەت بە.
ئەگەر دڵنیا نیت لە پزیشکەکەت بپرسە.

لوتیونس بەو چێنەرەی کە لەگەڵی دابین کراوە ڕاستەوخۆ لە نیو مێوکی ژن دادەنرێت.




بە ڕاکێشانی ئەو لێوارە بچووکەی کە لەسەر ڕووپۆشی زیوین دایە حەبەکە لە نێو بەستەکەی دەر بهێنە. تێبینی: ئەم حەبە بە فشاردان *دەرنایەت*.




حەبەکە بخە نێو چاڵی سەر چێنەرەکە. دڵنیا ببە کە سفت جێگیر بووە و داناکەوێت.




کاتێ کە چێنەر و حەب دەخەیتە نێو مێوکت، دەتوانی بە پاوە بوەستێی، دانیشی یان بە پشتا خۆت ڕاکێشی و ئەژنۆت بچەمێنێتەوە. بەوریایی سەری باریکی چێنەر هەتا سەرەوە بکە بە نێو مێوکت دا.




هاوێژەر فشار بدە با حەبەکە ئازاد بکات. ئینجا، هاوێژەر دەر بهێنە، جوان بە ئاوی گەرم بیشۆرە و هەڵیبگرە بۆ بەکارهێنان لە ئایندە.

تێبینی: ئەگەر لە بیرت چوون لوتینوس بە کار بهێنی، هەر لەو کاتە کە دەکەوێتە بیرت دەسبەجێ دۆزێک لەم حەبە بە کار بهێنە و دوای ئەوە وەکوو هەمیشە درێژە بدە بە بەکارهێنانی. هەرگیز بۆ قەرەبووی دۆزێک کە لە بیرت چووە دوو حەب پێکەوە بە کار مەهێنە.

دوای تێخستنی حەبەکە پێویست ناکات خۆت ڕابکێشی. ئەگەر ناتەوێ چێنەر بە کار بهێنی، دەتوانێ بە پەنجەت حەبەکان لە قووڵایی نێو مێوکت دابنێی.

حەبی نێومێوکی 100 میلیگرامی لوتینوس (پرۆژێسترۆن). ڕوونکردنەوە: لوتینوس بۆ پاڵپشتیی زەردێنە بە کار دێت وەکوو بەشێک لە بەرنامەی دەرمانی نەزۆکیی ژنان بە تەکنەلۆژیایی ئاوسبوونی بەیارمەتی (ART). کۆدی ATC: G03DA04. ئەندازەی پاکەت: پاکەتی تۆقلەیی کە 21 دانە حەبی نێومێوکی تێدایە . Rx, F. SPC تازەکراو لە 15/01/2010.
بۆ زانیاریی زۆرتر و وردەکاریی نرخەکان، سەردانی ماڵپەڕی www.FASS.se بکە.

MEDICINE ON THE BODY'S OWN TERMS